https://www.doi.org/10.31918/twejer.2142.5

e-ISSN (2617-0752)  p-ISSN (2617-0744)

# شیعرییەتی لادانی زمانی لە (کاریژەمەرجان)ی موحسین ئاوارەدا

پ. د. سەردار ئەحمەد گەردی

کۆلیژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەدین

sardargardy@gmail.com

مەهدی محەمەد باشووری

وەزارەتی پەروەردە

bashoori2014@gmail.com

**پوختە**

لە ڕەخنەی ئەدەبی نوێدا چەمکی شیعرییەت شوێنێکی گرنگی بەرکەوتووە، لەناو ئەدەبی گەلاندا گرنگیی زۆری پێدراوە، لەناو ئەدەبی کوردیشدا چەند باس و لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەوە نووسراوە. ئەم لێکۆڵینەوەیەش (شیعرییەتی لادانی زمانی لە کارێزەمەرجانی موحسین ئاوارەدا)، هەوڵێکی ترە بۆ زیاتر گرنگیپێدانی شیعرییەت و ئاشناکردنیەتی بە خوێنەر و ڕەخنەگران. لێکۆڵینەوەکە لە دەروازە و دووبەش پێکهاتووە، لە دەروازەدا هەوڵمانداوە شیعرییەت وەک زاراوە و چەمک بناسێنین. بۆ ئەم مەبەستەش کورتەیەکمان لە بیروڕای شارەزایانی ئەو بوارە باسکردووە، لەگەڵ کورتەیەک لە مێژووی دەرکەوتنی. بەشی یەکەم، باسی (شیعرییەتی لادان لە بنەمای وشەسازی) لە ڕووی تیۆرییەوە دەکات، لەگەڵ پراکتیزەکردنی بە نموونەی دەقی شیعری. بەشی دووەم، باسی (شیعرییەتی لادان لە بنەمای ڕستەسازی) لە ڕووی تیۆرییەوە دەکات، لەگەڵ پراکتیزەکردنی بە نموونەی دەقی شیعری.

**وشە کلیلییەکان:** شیعرییەت، لادان، لادان لە بنەمای وشەسازی و ڕستەسازی، پاش و پێش خستن، کرتاندن، کارێزەمەرجان.

**پێشەکی:**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (شیعرییەتی لادانی زمانی لە کارێزەمەرجانی موحسین ئاوارەدا)، لەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە زاراوە و چەمکی شیعرییەت بە گشتی و شیعرییەتی لادانی زمانی بە تایبەتی بخرێتەڕوو.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

هۆکاری هەڵبژاردنی کارێزەمەرجانی موحسن ئاوارە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیرێکی بە توانای هاوچەرخی ئەدەبی کوردییە و لە ئاستی زمانی شیعری و جیهانی شیعردا یەکێکە لە دەنگە دیارەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی و شیعرەکانی لە ئاستێکی باڵای شیعرییەت دان.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:**

بێگومان نووسینی توێژینەوە لە بوارێک کە پێشتر کرچ و کاڵی و لە توێژینەوەکاندا هەبێت. بێ گرفت نابێت، چونکە بەشێک لەو توێژینەوانەی لەبارەی شیعرییەتەوە نووسراون، جۆرێک لە ناڕوونی و کەموکوڕییان تێدایە و لە ئاستی پێویست نین.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەو ڕێبازەی لەو توێژینەوەیەدا پەیڕەوکراوە، بریتییە لە میتۆدی (وەسفی- شیکاری).

**ناوەڕۆکی توێژنەوەکە:**

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە دەروازە و دوو بەش پێکهاتووە، لە دەروازەدا زاراوە و چەمکی شیعرییەت خراوەتەڕوو. بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ شیعرییەتی لادان لە بنەمای وشەسازی، کە خۆی لە (داهێنانی وشە، تێکشکاندنی ڕۆنانی وشە، زیندووکردنەوەی وشە، بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانە) دەبینێتەوە. بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ شیعرییەتی لادان لە بنەمای ڕستەسازی، کە خۆی لە (کرتاندن، تێکدانی ڕۆنانی ڕستە، پاش و پێش کردن) دەبینیتەوە.

دەروازە: زاراوە و چەمکی شیعرییەت:-

زاراوەی شیعرییەت:

زاراوەی شیعرییەت (poetics)، یەکێکە لەو زاراوانەی کە تاکو ئێستا بووەتە جێگەی مشتومڕ و گفتوگۆی ناوەندە ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکان. ئەو گفتوگۆیە بە جۆرێکە کە نووسەران و لێکۆڵەران کۆک نین لەسەر ئەم زاراوەیە، چونکە شیعرییەت کار لەسەر ئەدەبیات بە گشتی و شیعر بە تایبەتی دەکات، ڕوونیشە کە شیعر بەپێی گۆڕانی قۆناغ و ڕێبازە ئەدەبییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەوەی تا ئێستا لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێکراوە، کە بەکارهێنانی زاراوەی شیعرییەت بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە. ((ئەرستۆ یەکەم کەس بووە، کە ئەم زاراوەی بەکارهێناوە و کردوویەتی بە ناونیشانی کتێبە بەناوبانگەکەی (هونەری شیعر)، ئەمەش یەکەمین کتێبە باسی ئەم بابەت دەکات.)) (هدی، ٢٠١٢، ص١٠). دوابەدوای کتێبەکەی ئەرستۆ، زاراوەی شیعرییەت بە جیهان و وڵاتانی ئەوروپا بڵاوبووەوە، بە جۆرێک هەر نەتەوەیەک بەپێی یاساکانی زمانەکەی خۆیان زاراوەی شیعرییەتیان وەرگرتووە. لە ئەدەبیاتی

فەرەنسیدا بەرانبەر زاراوەی شیعرییەت، زاراوەی (poetisme) یان بەکارهێناوە. (نوردین, ٢٠٠٥, ل٨)

لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا، چەند زاراوەیەکیان بۆ شیعرییەت بەکارهێناوە. وەکو ((الشعرية, الانشائية, الشاعرية, علم الادب, الفن الابداعي-الابداع, فن النظم, فن الشعر, نظرية الشعر, بويطيقا, بوتييک.)) (ناظم, ١٩٩٤, ل١٨). لەناو فارسەکانیش بۆ زاراوەی شیعرییەت زاراوەی وەک: ((هنری شعری، نظریەی شیعری, بوطیقا، فن شعر، شعرشناسی، شاعیری)) بەکارهاتووە. (بەرزنجی،٢٠٢٠، ل٩٨). لەناو ئەدەبیاتی کوردیشدا، (عەزیز گەردی) یەکەم کەس بووە, لە کتێبەکەی بەناوی (ئەدەب و ڕەخنە) زاراوەی (شیعرییەت)ی بەکارهێناوە. (گەردی,١٩٧٤, ل٦١) هەر سەبارەت بە زاراوەی شیعرییەت (هێمن عومەر خۆشناو) لە کتێبەکەی بەناوی (شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی) زاراوەی (شیعرییەت)ی بەکارهێناوە. (خۆشناو, ٢٠٠٩). هەروەها (خەلیل ئیبراهیم مستەفا) لە نامەی ماستەرەکەیدا بەناونیشانی (شیعرییەتی دەق بە نموونەی شیعرە کوردییەکانی مەحوی) زاراوەی (شیعرییەت)ی وەک ناونیشانی نامەکەی بەکارهێناوە. (مستەفا, ٢٠٠٩) جگە لە زاراوەی شیعرییەت (محەمەد بەکر) لە کتێبەکەی بەناوی (پەخشانە شیعری کوردی) زاراوەی (شیعرایەتی) بەکارهێناوە. (بەکر, ٢٠٠٤, ل٣٩). لەپاڵ زاراوەی (شیعرییەت) و (شیعرایەتی)، لە ناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، زاراوەکانی (هونەری شیعر، شیعرناس)یش بەرچاودەکەون. (حمید عزیز) لە وەرگێڕانی کتێبی (poetics)ی (هۆراس)دا، زاراوەی (هونەری شیعر)ی بەکارهێناوە. (هۆراس، ١٩٧٩) هەروەها (عەزیز گەردی) لە وەرگێڕانی کتێبی (poetics)ی ئەرستۆ، لەپاڵ زاراوەی (هونەری شیعر)، (شیعرناسی)یشی بەکارهێناوە. (ئەرستۆ، ٢٠٠٤،ل١٢)

ئێمە پێمان وایە (شیعرییەت) لە زاراوەکانی دیکە زیاتر مەبەستە سەرەکییەکە دەگەیەنێت و گونجاوترە، بۆیە ئەم زاراوەیەمان بە پەسندتر زانی کە وەک ناونیشانی توێژینەوەکە هەڵیبژێرین.

**چەمکی شیعرییەت:**

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا, کە مێژووی سەرهەڵدانی (شیعرییەت) وەک زاراوە بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، هەر خۆشی ڕوونکردنەوەی بۆ چەمکی شیعرییەت کردووە و دەڵێت: ((ئەو زمانە شیعرییەی وشەی ناباوی تێدا بەکار بێ، بەرزی و شکۆمەندی تێدایە و لەسەرووی ئاستی زمانی ڕۆژانەوەیە, مەبەستم لە بەکارهێنانی (وشەی ناباو) وشەی خوازراوە و وشەی درێژکراوە و هەر شتێکی ترە کە لە حاڵەتی ئاسایی بەدەر بێ.)) (ئەرستۆ, ٢٠٠٤، ل٨٣).

لەدوای ئەرستۆ چەمکی شیعرییەت گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هات، کە ئەویش بە هەوڵی کۆمەڵێک ڕەخنەگر هاتە کایەوە. ئەم هەوڵەی ڕەخنەگرەکان وایکرد، کە گۆڕانی بنەڕەتی لە چەمکی شیعرییەت بێتە کایەوە. فۆڕمالیستە ڕووسەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە گەشەسەندنی چەمکی شیعرییەت هەبوو. (تۆدۆرف) ئاماژە بە ڕۆڵی ئەوان دەکات، کە دریژەپێدەری بیروباوەڕەکانی ئەرستۆ بوون و دەڵێت: ((لە سەدەی بیستەمدا، فۆڕمالیستە ڕووسەکان زیاتر نزیکتربوون لە ڕۆحی کتێبی (شیعرییەت) لە نووسەرانی سەدەی شازدەم. چونکە ئەوان کارەکەی ئەرستۆیان تەواوکرد، بەمەش ئاوێتەیەکی سەرکەوتوویان لە ئاراستە جیاوازەکانی (تیۆری ئەدەبی)ی ئەو کاتە پێکهێنا و بەرەو دامەزراندنی تیۆریکی تازەش چوون.)) (طودورف، ١٩٩٠، ل١٤-١٥). (ڕۆمان یاکبسۆن) یەکێکە لەو ڕەخنەگرانەی زمانەوانی, کە تێڕوانینی خۆی دەربارەی چەمکی شیعریەت خستووەتەڕوو. یاکبسۆن پێی وایە، کە شیعرییەت بەشێکە لە زانستی زمان و پەیوەندییەکانی نێوانیان ڕێک

دەخات و دەڵێت: ((شیعرییەت ئەو لقەی زمانەوانییە کە پەیوەندی ئەرکی شیعرییەت و ئەرکەکانی تری زمان چارەسەر دەکات، هەروەها شیعرییەت گرنگی بە واتای فراوانی ئەرکی شیعرییەت دەدات، ئەمەش نەک تەنها لە شیعر، بەڵکو گرنگی بە ئەرکەکانی تری زمان لە دەرەوەی شیعرییەت دەدات.)) (الرواشدة، ٢٠٠٦، ص١٢). واتە یاکبسۆن چەمکی شیعرییەت بەرەو زانستی زمانەوانی دەخزێنێت و پێی وایە، کە شیعرییەت لە زمان جیا نابێتەوە. ((شیعرییەت بەتەواوی گرنگی بە بنیاتی زمانی دەدات وەکو چۆن وێنەکێشان گرنگی بە بنیاتی وێنە دەدات، بەو پێیەی کە زمانەوانی زانستی گشتگیری بنیاتی زمانە، بۆیە دەتوانین شیعرییەت بە بەشێکی دانەبڕاو لە زمانەوانی دابنێین.)). (یاکبسون، ١٩٨٨، ص٢٤). جگە لەمە یاکبسۆن پێی وایە، کە شیعرییەت لێکۆڵینەوەیەکی زمانییە، بەتایبەت لە شیعردا. (یاکبسون، ١٩٨٨، ص٧٨).

(جان کۆهین)، یەکێکی ترە لەو ڕەخنەگرانەی کە تێڕوانینی خۆی لەبارەی چەمکی شیعرییەتەوە خستووەتەڕوو. (جان کۆهین)یش، لە شیکردنەوەی تیۆرەکەی وەک (یاکبسۆن) پشت بە زمانەوانی دەبەستێت. کۆهین بە داهێنەری تیۆری (شیعرییەتی لادان) دادەنرێت. چونکە کۆهین پێیوایە، کە شیعر ((زانستی لادانی زمانییە)) (کۆهن، ١٩٨٦، ص١٦). هەروەها کۆهین جەخت لە شیعرییەتی شیعر دەکاتەوە و پێیوایە، کە شیعرییەت تایبەتە بە شیعر و دەڵێت: ((شیعرییەت زانستێکە بابەتەکەی شیعرە)) (کوین، ٢٠٠٠، ص٢٩). شیعرییەتەکەی (کۆهین) لەسەر بنەمای بەراوردکردن دروستبووە، ئەو بەراوردەی (کۆهین)یش لە نێوان شیعر و پەخشان بووە، کاتێک دەڵێت: ((جیاوازیی نێوان شیعر و پەخشان چەندییە، نەوەک جۆری.)) (کوهن، ١٩٨٦، ص٢٣). واتە کۆهین جەختی لەسەر مەسەلەی ئەندازەی لادان لە شیعر کردووەتەوە، کە ڕێژەکەی زیاترە بە بەراورد لەگەڵ پەخشان. کۆهین بەوە ناوەستێت، بەڵکو شیعرییەت بە زانستی شێوازی شیعری وابەستە دەکات، چونکە پێیوایە شاعیر بەم

شێوەیە نادوێت، کە خەڵکی ئاسایی دەدوێن. بەڵکو زمانی شاعیر زمانێکی ناوازەیە، ئەم زمانە ناوازەیەش شێوازێک بەرجەستە دەکات، بۆیە (شیعرییەت) زانستی شێوازییە. (کوهن، ١٩٨٦، ص١٥)

(تۆدۆرف) بە پێچەوانەی (یاکبسۆن و کۆهین) هەوڵیداوە شیعرییەت لە تیۆرێکی فراوان و گشتگیر بخاتەڕوو. بەلای (تۆدۆرف) چەمکی شیعرییەت چەمکێکی گشتگیرە و تایبەت نییە تەنها بە ژانرێک، بەڵکو زانستی هەموو ئەدەبە. ((پێمان وایە کە ناوی شیعرییەت بەسەر چەمکی ئەدەبیاتدا جێبەجێدەبێت، ئەگەر بە گەڕانەوە بۆ واتا داتاشراوەکەی تێبگەین، ناوێکە بۆ هەموو شتێک کە پەیوەندی بە داهێنانی کتێب یان دانانی هەبێت، لە کاتێکدا زمان لە یەک کاتدا جەوهەر و هۆکارە، نەک بە گەڕانەوە بۆ ئەو تێگەیشتنە تەسکەی کە کۆمەڵێک یاسا و بنەمای ستاتیکی پەیوەست بە شیعر)) (طودورف، ١٩٩٠، ص٢٣). کاتێک تۆدۆرف چەمکی شیعرییەت دیاردەکات، وای دەبینێت کە بۆ ناوهێنانی واتا هەوڵنادات، بەڵکو هەوڵدەدات ئەو یاسا گشتییانە بناسێنێت، کە لەدایکبوونی کارێکی ئەدەبی ڕێکدەخەن، بەڵام بەجیا لەم زانستانە کە دەروونناسی و کۆمەڵناسییە. بۆ ئەو یاسایانە دەگەڕێت، کە لەناو خودی ئەدەبەکەدا هەن. کەواتە شیعرییەت نزیکبوونەوەیە لە ئەدەبی "ئەبستراک" و "ناوەکی" لە یەک کاتدا. (بن زیاد، ٢٠١٢، ص٩-١٠) جا ئەم بابەتە لە شیعردا بێت، یان لە هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبی، چونکە تۆدۆرف جەخت لەوە دەکاتەوە کە ((شیعرییەت هەر یەکە لە شیعر و پەخشان لەخۆدەگرێت، بەو پێیەی هەردووکیان لە سنووری ئەدەبیدا کۆدەبنەوە و دەڵێت کاری ئەدەبی بە تەنها بابەتی شیعرییەت نییە، بەڵکو جۆرێک لە وتار دروستدەکات، ئەویش وتاری ئەدەبییە)) (هدی، ٢٠١٢، ص٢٦). واتە شیعرییەت بەپێی تێڕوانینی تۆدۆرف، جۆرە هەوڵێکە بۆ بنیادنانی وتاری ئەدەبی.

هەروەک چۆن چەمکی شیعرییەت لای نووسەرانی ڕۆژئاوا جێی مشتومڕ و تێڕوانینی جیاواز بووە، بە هەمان شێوە لای نووسەرانی عەرەبیش بۆ دیاریکردنی ئەرک و ناساندنی چەمکەکە ڕووبەڕووی ئەم گیروگرفتە بووەوە. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمی زاینی بەدواوە ئەدیبانی عەرەب لەژێر کاریگەریی شیعرییەتی ئەوروپی، هەوڵیانداوە ئەو پێشکەوتنە لە گۆڕەپانی ئەدەبیدا جێبەجێ بکەن. (هدی، ٢٠١٢، ص٢٩) لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کاریگەریی شیعرییەتی تازەی ئەوروپی لەسەر شیعرییەتی عەرەبی ڕەنگیداوەتەوە. (ئەدۆنیس) یەکێکە لە دیارترین ڕەخنەگرانی عەرەب، کە گرنگی بە بابەتی شیعرییەت داوە و زۆرێک لە بەرهەمەکانی بۆ بابەتی شیعرییەت تەرخانکردووە. (ئەدۆنیس) لە کتێبەکەی بە ناوی (الشعرية العربية)، شیعرییەتی چەرخی جاهیلی هەڵدەسەنگێنێت، هەروەها (ئەدۆنیس) کاریگەرییەکانی شیعرییەتی جاهیلی بەسەر نووسینی شیعرییەتی عەرەبی دەخاتەڕوو. (ادونيس، ١٩٨٩، ص٥) (ئەدۆنیس) لە هەڵسەنگاندنی نێوان شیعرییەتی زارەکی و شیعرییەتی دەقدا، هەردووکیان لە یەک تەرازوودا دەکێشێت. واتە شیعرییەتی زارەکیش بە هەمان تەرازووی شیعرییەتی دەق هەڵدەسەنگێنێت. ((هیچ گوتراوێک بە شیعر نازانێت، مەگەر وەکو شێوازی زارەکی یەکەم کێشی نەبێت... بەم شێوەیە هەموو پێداویستیی نووسینی لە بواری شیعرییەتدا دوورخستووەتەوە، وەک: بیرکردنەوە، نادیاری)) (هدی، ٢٠١٢، ص٣٠). (کەمال ئەبو دیب) پێیوایە، کە ((شیعرییەت ئەو کێڵگە نییە کە ڕێسایەکی ئەوتۆ لە وتاری شیعری دەخاتەڕوو، بەڵکو ئەرکێکی ئەوتۆیە بۆچوون و ئەزموون تێکەڵدەکات، ئەمەش مەرجێکی پێویستە بۆ سەرکەوتنی ئەزموونێکی هونەری کە جیابکرێتەوە لە ئەزموونێکی ئاسایی و بیروبۆچوونی ڕۆژانە. لەوانەیە مەبەستی (کەمال ئەبو دیب) لە هۆنراوەی (شیعرییەت) ئەوە بێت، کە وێناکردنێکی پایەدارە. بۆ پێکهێنانی دووانە دژیەکەکان و ڕێکخستنی ئەزموون و زمان و ئاماژەکان و دەنگەکان و ئاوازەکان لە واتا دەربڕاوەکاندا)) (حەمەساڵەح، ٢٠١٥، ل٢٥-٢٦). وەک

دەبینین (کەمال ئەبو دیب) بە شیعرییەتی ڕۆژئاوا کاریگەربووە و ئەو کاریگەرییەش لە تێڕوانینەکانی دەربارەی شیعرییەت ڕەنگیداوەتەوە. هەر بۆیە (کەمال ئەبو دیب) لە کتێبی (فی الشعریة)دا دەڵێت: شیعرییەت تایبەتمەندییەکی پەیوەستدارە و تۆڕێک لە پەیوەندییەکانی دەگرێتەوە، واتە هەموو ئەو پەیوەندییانە کارلێکدەکەن و لە ڕێگەی ئەو چالاکییەوە جۆرێک لە شیعرییەت دروستدەکەن. (هدی، ٢٠١٢، ص٣٢) لێرەدا (کەمال ئەبو دیب) جەخت لەو داهێنانە دەکاتەوە، کە لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییانە دروستدەبێت، بەمەش جۆرێک لە شیعرییەت بەم کارانە دەبەخشێت. (حەسەن نازم) یەکێکی دیکەیە لەو نووسەرانەی، کە لە کتێبەکەی بە ناوی (مفاهیم الشعریة) قسەی لەبارەی چەمکی شیعرییەتەوە کردووە. ئەو دەڵێت: ئەدەب چەمکێکە، کە لەگەڵ چەمکی شیعرییەت لە ئامانجەکان و تەنانەت لە میتۆدەکانیشدا هاوتەریبە، ئەمە سەرەڕای سەختی و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکەیان و جیاکردنەوەی سنوورەکانیان. (ناظم، ١٩٩٤،ص٣٦)

کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە، خاوەن ئەدەبێکی تایبەت بەخۆیەتی، کە هەڵقوڵاوی بیر و خەیاڵی شاعیرانە. هەر بۆیە تێڕوانینی تایبەت بەخۆیان دەربارەی چەمکی شیعرییەت هەیە. (عەزیز گەردی) دەربارەی چەمکی شیعرییەت دەڵێت: ((شیعرییەتی وشە لەو مانا قوول و هەستە خەستە شاراوەدایە کە تیایەتی و لە کاتی بەکارهێنانیا لە هۆنراوەدا ئەپرژێ، هەروەها لەو کاریگەر و هەست بزواندن و سۆز و تەقاندن و دڵ هەژاندنەدایە کە وشەکە بەرپای ئەکات ئەوکاتەی کە شوێنی خۆی لە هۆنراوەدا ئەگرێ و دەوری تەواوی خۆی ئەگێڕێ)) (گەردی، ١٩٧٤، ل٦١). هەروەها (ئازاد ئەحمەد) لەبارەی چەمکی شیعرییەتەوە دەڵێت: ((شیعرایەتیی (poetic) شیعر، لە هێزی زمان و جوانیی ئێستێتیکا و کایەکانی نیگا و واتابەخشین و گەیاندندا سەرچاوە دەگرێت. وێنەکانی

ناو مێشک بە چەشن و شێوازێکی دروست بەرهەمیان دێنێت)). (مەحموود، ٢٠٠٩، ل١٣١)

بە وردبوونەوە لەو تێڕوانین و بیروبۆچوونانەی، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردوون و دوای هەڵسەنگاندنی بیروبۆچوونی ئەو نووسەرانەی لەبارەی شیعرییەتەوە نووسیویانە، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە شیعرییەت چەمکێکی ڕەخنەیی فرە ڕەهەندە و لێکدانەوە و دەستنیشانکردنی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو کارێکی ئاسان نییە.

**شیعرییەتی لادانی زمانی لە کارێزەمەرجانی موحسین ئاوارەدا:-**

## بەشی یەکەم:- شیعرییەتی لادان لە بنەمای وشەسازی:

لادان وەک دیاردەیەکی ئەدەبی، چەمکێکی تازە و نوێ نییە. بەڵکو لە کۆنەوە هەبووە و شێوازی جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە، بە جۆرێک کە لادان وەک پێویستییەکی دەق ڕێچکەی خۆی گرتووە، وەک لادان لە بوارەکانی (ئاینی، سیاسەت، دابونەریت، هتد...). ((کەواتە لادان دیاردەیەک نییە کە تەنها تایبەت بێت بە شیعری نوێوە، بەڵکو تایبەتمەندییەکی هاوبەشە لە نیوان کۆن و نوێدا، بەڵام ئەوەی هەیە لە شیعری نوێدا بۆتە دیاردەیەکی ئاشکرا و سەرنجڕاکێش، کە وامان لێدەکات لێی وردبینەوە)). (سەعید، ٢٠١٣، ل٢٥)

سەبارەت بە پێناسەی لادان، بەچەندین شێوە پێناسەی بۆ کراوە، چونکە لادان چەمکێکی فراوانە و قسەی زۆر هەڵدەگرێت. ((لادان دەرچوونە لە دەربڕینی باو، یان ئەوەی لە بەکارهێناندا بەپێی پێوەر پێی ئاشنابین، لە گۆشەنیگای زمان و داڕشتن و پێکهاتن)). (اليافى، ١٩٩٥، ص٩٢) واتە لادان دوورکەوتنەوەیە لە شتی باو، هەروەها دەرچوونە لە دەستوور و یاسا ڕێزمانییەکان. ((لادان ڕەنگێکە لە ڕەنگەکانی گوتەی

شیعری و دیاردەیەکی سەرەکی زمانی شیعرە، جیایە لە گوتەی زمانی ئاسایی)). (قادر، ٢٠٠٤، ل٩٤)

**لادانی ڕێزمانی:-**

ئەم جۆرە لادانە، لادانە لە بنەما و یاسا و ڕێساکانی زمانێکی دیاریکراو، کە هەردوو ئاستی (وشە و ڕستە) دەگرێتەوە. ((ئەم لادانە ڕێزمانییانە ڕووکەشن و لە هەڵەی ڕێزمانی دەچن، وەک جێگۆڕکێی تەواوکەر و بکەر، دیارخەر و دیارخراو، کرتاندنی هەندێ کەرستەی مۆرفۆلۆجی و کورت کردنەوەی وشە)). (ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ل٤١)

**یەکەم: شیعرییەتی لادان لە بنەمای وشەسازی:-**

وشە کەرەستەیەکی بنچی زمانە و هەر لە کۆنەوە لەگەڵ پەیدابوونی دەنگەکانی زمان هاتووەتە ئارا. سەبارەت بە پێناسەکردنی وشە، گەلێک تێڕوانینی جیاواز هەن، بەپێی قوتابخانە زمانەوانییە کۆن و نوێیەکان پێناسەکان دەگۆڕێن. ((بریتییە لە کۆمەڵە یەکەیەکی دەنگی، بە ڕێگایەکی دیاریکراو دانراوە، بۆ ئەوەی ببێتە ڕەمز بۆ شتومەکە هەستپێکراو و بیرەڕووتەکان (مجرد-abstract). گوزارشت لە بیرێک، یان هەست دەکات، بە سیستەمێک لە دەنگ و ئاماژە کاردەکات و واتایەک دەگەیێنێت)). (ئەحمەد، ٢٠١٣، ل٩٧) ئەوەی کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە پێکهاتەی وشە و دەستەواژەی ئەدەبی، جیاوازە لەگەڵ پێکهاتەی وشەی ئاسایی. ((ئەو وشەیەی لەناو کارێکی ئەدەبیدا دێت، جیاوازە لەو وشەیەی لەناو زمانی ئاساییدا بەکاردەهێنرێت)). (کورک، ١٩٨٩، ص١٥٩) وشە ڕۆڵێکی گەورە لە ڕوونکردنەوە و وەسفکردنی ئەو بابەتانە دەبینێت، کە شاعیر گوزارشتی لێ دەکات. دکتۆر سافیە ئەحمەد گرنگترین ئەو لادانانەی لە ئاستی وشەدا ئەنجامدەدرێن بەم شێوەیە پۆلینکردووە (داهێنانی وشە، زیندووکردنەوەی وشە، کرتاندن،

بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانە، تێکدانی بەربڵاو، لادانی شێوەزاری). (ئەحمەد، ٢٠١٣، ل١٠٠) لێرەدا هەوڵدەدین دیارترین ئەو لادانانە بخەیەنەڕوو، کە موحسین ئاوارە لە (کارێزەمەرجان) لە ئاستی وشەسازی ئەنجامیداون.

**١-داهێنانی وشە:**

داهێنانی وشە دیاردەیەکی تازە نییە، بەڵکو لە کۆنەوە تاکو ئێستا بەردەوامە، کە شاعیران بۆ مەبەستی بەهێزکردن و ئیستاتیکای دەق پەنای بۆ دەبەن. بۆ ئەمەش زۆرجار شاعیر، سوود لە ئاستی وشە بۆ زمانە شیعرییەکەی وەردەگرێت. بۆ ئەمەش هەوڵی داهێنان  و داتاشینی وشەی تازە دەدات. واتا شاعیر بۆ بەرزکردنەوەی پلەی شیعرییەتی دەقەکە و دەرخستنی توانای خۆی، پەنا دەباتە بەر لادانی داهێنانی وشە. ((یەکێک لە سیماکانی زمانی نووسین، بریتییە لە بەکارهێنان و بەرگرێژکردنی هەندێک دەستەواژەی نوێ، ئەوەش بۆ ئەوەی لادانێک لە زمانی نێوکۆلان بهێنێتە کایەوە)). (ئەحمەد، ٢٠١٣، ل١٠١) داهێنانی وشەش لای شاعیران بە دوو شێوە دەبێت: یەکەمیان لە ڕێگای داتاشینی وشەی نوێ، دووەمیان گشتاندنی یاسایەکی وشەڕۆنان، بەسەر کەرەستە و وشەکانی تری زمانەکە. (فەتاح، ٢٠١٠،ل٤١٠). ئەم داهێنانی وشەیە، هەر چۆنێک بێت، ئەوا دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی شیعریی شاعیر. یاخود فەرهەنگی نەتەوەیی دەوڵەمەند دەکات. (فەتاح، ٢٠١٠، ل٤١٠). موحسین ئاوارە، بۆ دەرخستنی توانای شیعریی خۆی، بە تەنیا سوودی لە فەرهەنگی زمانی کوردی وەرنەگرتووە، بەڵکو زۆرجار وشەی نوێی داهێناوە و لەو سنوورە دەرچووە. بۆ نموونە لە شیعری (ڕاکشێ گۆرانییە بەسۆزەکەم) دەڵێت:

گوێم لە ستایشی دۆزەخ دەبێ هەست ناکەم باسی شتێکی (نامۆ)م بۆ دەکەن چونکە لەو جیهانەی ئێمەدا لەو ڕۆژان و هەفتان و مانگان و

سالّگارانەی ئێمەدا ئەم دۆزەخە پێمان فێربووە، خۆماڵییە (خانەخوێ)یەکی هەمیشەییە!!     (ئاوارە، ٢٠١٤، ل٣٠٨)

شاعیر وشەی ساڵی لەپاڵ (ڕۆژ، هەفتە، مانگ) کۆکردووەتەوە، بەڵام بە داهێنانی وشەیەکی نوێ کۆیکردووەتەوە. چونکە نیشانەی کۆکردنەوە لە زمانی کوردیدا بریتییە لە (ان)، شاعیر لە جیاتی (ساڵان) وشەی (ساڵگارانە)ی داهێناوە، ئەم وشەیەش داهێنراوە، چونکە تایبەتە بە شاعیر. هەروەها لە شیعری (ڕەنگ و گرێ) لە لاپەڕە (٢٠٠) وشەی (خەفەتزەدە)ی داهێناوە، کە لە ئاخاوتنی ئاساییدا وشەکانی (خەمبار، خەفەتبار) بەکاردێت، بەلام شاعیر وشەیەکی تازەی داهێناوە.

**٢. تێکشکاندنی ڕۆنانی وشە:**

لەم جۆرە لادانە وشەییەدا، شاعیر بۆ ئەوەی دەقەکانی سەرنجڕاکێش بن ڕۆنانی وشە باوەکان تێکدەشکێنێت. ((جۆرە لادانێکی وشەیە، کە شاعیر بە تێکدان و لادان لە ڕۆنانە باو و جێگیرەکان ئەنجامی دەدات، یان دەتوانین بڵێین لادانە لە یاسای ڕێکخستنی وشە)). (ئەحمەد، ٢٠١٣، ل١١٣) شاعیر بۆ ئەوەی شتێکی تازە و نوێ دروستبکات، هەموو ئەو وشانەی کە بەلای خوێنەرەوە چاوەڕوانکراون، یاسا باوەکان تێکدەشکێنێت و بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ئەم لادانە دروستدەکات. ئەمجۆرە لادانەش بە شێوەیەکی گشتی وشە لێکدراوەکان دەگرێتەوە، وەک: (ڕۆژ و شەو، پاک و خاوێن، گەورە و بچووک، هتد...)، کە بەلای هەموو کەسێک زانراون. یان زۆرجار ئەم لادانە دەرچوونە لە یاسای دروستبوونی گرێی ناوی، کە شوێنی دیارخەر و دیارخراوەکان دەگۆڕێت. بۆ نموونە کاتێک شاعیر (باڵابەرز)، دەگۆڕێت بۆ (بەرزباڵا). (ئەحمەد، ٢٠١٣، ل١١٤) شاعیر لە (کارێزەمەرجان)دا بۆ بەرزکردنەوەی سیمای شیعرییەتی شیعرەکانی، لە زۆر شوێندا ڕۆنانی وشەکانی لە شێوە باوەکەی تێکشکاندووە. بۆ نموونە لە شیعری (ڕەوەز)دا دەڵێت:

ئەو پەلە هەورانەی دادەکشێنە دڵت و
خەمە بارگەیان لێ دەخەن
هەڵیان نەکەیتە باران و
بۆت بە ساماڵ دەگۆڕمەوە (ئاوارە، ب١،٢٠١٤، ل٣٣)

شاعیر بۆ ئەوەی سیمایەکی جوانتر بە دەقەکە ببەخشێت لە گرێی (خەمە بارگە)دا ڕۆنانی بەربڵاوی تێکداوە، چونکە شوێنی دیارخەر و دیارخراوەکانی گۆڕیوە و (بارگەی خەم)ی کردووە بە (خەمە بارگە). هەروەها شاعیر لە زۆر شوێنی تریش ئەو لادانەی ئەنجامداوە، بۆ نموونە لە شیعری (جگەرەیەکی گەورە)دا (ل٢٦١) لە وشەی (گەورە عەمباری تووتن)دا، ڕۆنانی باوی وشەکانی تێکداوە، کە لە بنەڕەتدا (عەمباری گەورەی تووتن) بووە.

**٣. زیندووکردنەوەی وشە:**

زمان وەک پێویستییەکی کۆمەڵگە، لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنانەی کە کۆمەڵگە بەخۆیەوە دەبینێت، وشە و زاراوەی تازە و نوێ سەرهەڵدەدەن. ئەمەش دەبێتە هۆی پەراوێزخستنی هەندێک وشەی دیکەی زمانەکە و بەکارنەهێنانیان. ئەمەش وادەکات، کە شاعیر بەدوای ئەو وشە کۆنانەدا بگەڕێت و هەوڵدەدات بە شێوەیەکی هونەری زیندوویان بکاتەوە و لەناو دەقە شیعرییەکان بەکاریان بهێنێت. ((بریتییە لەوەی کە شاعیر یا نووسەر لە بەرهەمی خۆیدا سوود لە وشە کۆچکردوو و ستراکچەرە ڕێزمانییە کۆنەکان وەربگرێت کەوا ئێستا لە زماندا بەکارنایەن)). (کانەبی،٢٠٠٩، ل٤٨) کەواتە ئەم وشانە پێشتر لەناو فەرهەنگ و زماندا هەبوون, بەڵام ئێستا پەراوێزخراون و وەک وشەی مردوو هەژماردەکرێن، شاعیر دێت سەرلەنوێ بەکاریان دەهێنێت و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت. ئەم جۆرە لادانەش ئاسۆی بیری خوینەر

فراواندەکات، چونکە وشەی ڕەسەن بە خوێنەرەکە دەناسێنێت. بەمەش شاعیر ئەرکێکی پیرۆز و گەورە ئەنجامدەدات و جارێکی دیکە گیان بە وشە ڕەسەنەکان دەکاتەوە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندیی زمانەکە. (مەلاساڵح، ٢٠٠٦، ل٣٧) شاعیر لە چەند دەقێکی شیعریدا، هەوڵی زیندووکردنەوەی وشە ڕەسەنەکانی داوە، بۆ نموونە لە شیعری (خاڵۆی پینەدۆز)دا دەڵێت:

(هێی .. هێی زەمان)!!

ڕێبواریش لە دەفتەری (بافرا) و

تووتنی کەسکونی چیادا

جگەرەیێ دەپێچێتەوە وو دەستەوجێ

لەگەڵ گیان و هەستی مندا

دەیخاتە بەر سووره گری (بەردە ئەستێ) (ئاوارە، ب١، ٢٠١٤، ل٦٩)

(کەسکون) وشەیەکی پەراوێزخراوە، بە واتای (توند یاخود تیژ) دێت. ئەم وشەیە لە بەکارهێناندا پەراوێزخراوە، هەروەها وشەی (بافرا) جۆرە دەفتەرێکە و لە کۆندا بەکارهاتووە و ئێستا پەراوێزخراوە، هەروەها وشەی (بەردە ئەستێ) کە ئامرازی ئاگرکردنەوەیە و لە کۆن بەکارهاتووە و ئێستا پەراوێزخراوە، بەڵام شاعیر جارێکی تر هەموو ئەو وشانەی زیندووی کردوونەتەوە و بە خوێنەریان ئاشنادەکات. شاعیر لە زۆر شوێنی تریش ئەو لادانەی ئەنجامداوە، بۆ نموونە لە شیعری (هاوار) (ل٢٧٣) وشەی (مەترەلۆز) و لە شیعری (وەک خۆم نا.. بەڵام) (ل٦٧)دا، وشەی (لینگ)ی زیندووکردووەتەوە، کە وشەی پەراوێزخراون.

**٤. بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانە:**

زۆرجار شاعیر بۆ ئەوەی ئیستاتیکای دەقەکە دەستەبەربکات، هەروەها حەز و تامەزرۆی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەقەکە زیادبکات، لەو زمانە پڕ تەم و مژەی ئەدەبیات دووردەکەوێتەوە و پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانەی ناو خەڵک. ((شاعیری نوێخواز بە نەفیکردنی پێورە ئاساییەکانی وشەی شیعری: وشەی جوان، وشەی مۆسیقایی، پیرۆزیی وشە... تاد، هەوڵدەدات وشەی ڕۆژانە بێ هیچ ڕتووشێکی ڕەوانبێژی، جێگری وشەکانی پێشوو بکات و بیانکات بە مەڵبەندێکی نوێی هێماکردن.)) (بەکر، ٢٠٠٤، ل٤٠). واتا شاعیر هەوڵدەدات وشەی ڕۆژانەی ناو خەڵک بەکاربهێنێت، بەبێ ئەوەی هیچ دەستکارییەکی تێدا بکات. ئەم بەکارهێنانەی وشەی ڕۆژانەش، بۆ ئەوەیە کە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵک نزیکببنەوە و لەگەڵ زمانی شیعری تێکەڵی بکەن. ئەم دیاردەیە بە ڕوونی لە (کارێزەمەرجان)ی موحسین ئاوارەدا بەرچاو دەکەوێت، لە شیعری (ڕێژنەی وشە)دا، لە کۆپلەی (چاوشارکێ) دەڵێت:

کە منداڵ بووم

لە چاوشارکێ و غارغارێندا

پاش دەنگدانی..

کوڕینە.. کچینە.. خۆتان حەشاردەن (ئاوارە، ب١، ٢٠١٤، ل٩٧)

شاعیر بە زمانێکی سادەی نزیک لە زمانی ئاخاوتنی خەڵک دەقەکەی نووسیوە، بۆ ئەوەی لە وشەی ڕەمز و فرەواتا دووربکەوێتەوە و لە زمانی ئاسایی خەڵک نزیکبێتەوە، هەوڵیداوە بە زمانێکی نزیک لە زمانی ئاخاوتنی خەڵک بنووسێت. هەربۆیە شاعیر وشەکانی (چاوشارکێ، غارغارێن)ی بەکارهێناوە، کە وشەی ئاسایی ناو خەڵکن. شاعیر لە هەندێ دەقی شیعری تریشدا ئەو لادانەی ئەنجامداوە، بۆ نموونە لە شیعری

(نەبارێ.. ناباری) (ل٤٩٧-٤٩٨)دا، لە تەواوی کۆپلە شیعرەکەدا، زمانی ئاخاوتنی ئاسایی بەکارهێناوە و لە زمانی سادەی خەڵک دوورنەکەوتووەتەوە و وشەکانی (هۆ هۆ، هەورەکە، نوە)ی بەکارهێناوە.

**بەشی دووەم: شیعرییەتی لادان لە بنەمای ڕستەسازی:-**

ڕستە پێکهاتەیەکی گرنگ و سەرەکی هەر زمانێکە، یەکێکە لە سەرەکیترین پێکهاتەکانی زمان و پردی پێکەوەگرێدانی یەکەکانی دیکەی زمانە. ((بۆیە بە ئاڵۆزترین دانەی زمان ئەژماردەکرێت، چونکە هەموو دانە زمانییەکان لە فۆنیمەوە تا وشە و دەستەواژە تێیدا یەکدەگرن و دواتر ڕستە پێکدەهێنن)). (ئەحمەد، ٢٠١٣، ل١١٨). بەو پێیەی ڕستە کەرەستەیەکی بنچینەیی زمانە، هەموو زمانێکیش کە دەستوورێکی ڕێزمانیی تایبەت بەخۆی هەیە، بە جۆرێک کە دەستووری زمانەکان لە یەکتر جیاوازن. زمانی کوردیش وەک زمانەکانی دیکە، خاوەنی دەستوورێکی تایبەت بە خۆیەتی، کە بریتییە لە: (SOV). واتە دەستووری زمانی کوردی بریتییە لە بەدوایەکداهاتنی (بکەر، بەرکار، کار)، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا گۆڕانکاریی دیکە لەم دەستوورە ڕوودەدەن، بە تایبەت ئەگەر کاری ڕستەکە کارێکی تێنەپەڕ بێت، ئەوکات تەنها (بکەر، کار) دەبنە کەرەستەی ڕستە. ئەمە جگە لەوەی زۆرجار کەرەستەی لاوەکیش بەشدار دەبن لە پێکهاتەی ڕستە، کە بریتین لە: (تەواوکەری ناڕاستەوخۆ، هاوەڵگوزارە، هتد...).

زۆرجار ئەم دەستوورەی زمان لای شاعیران پەراوێزدەخرێت، کە ڕێگەیان پێدەدرێت دەستکاری ڕیزبەندی کەرەستەکانی ڕستە بکەن. لەم گۆڕانکارییانەی دەستووری زماندا، دەبێت ڕەچاوی لێکدانی کەرەستەکان بکرێت لە چوارچێوەی یاساکانی ئەم زمانە، هەروەها پێویستە ڕەچاوی واتاش بکرێت بە جۆرێک دوای لێکدانی کەرەستەکان واتا و مەبەستێک بگەیەنێت و نابێت ئەرکی ڕێزمانیی کەرەستەکان بگۆڕێت. (علی، ١٩٩٨،

ل١٠) زمانی شیعریش وەک زمانەکانی دیکە، لە کۆمەڵە ڕستەیەک پێکهاتووە، بەڵام شاعیر لەو ڕستانەدا وشە و کەرەستەکان بە گوێرەی ویستی خۆی و پێویستیی دەقەکە بەکاردەهێنێت. ((وەک ئاشکرایە ڕستەی شیعری بۆ خۆی شکاندنی شێوازی چنین و داڕشتنی زمانی ئاسایی و زمانی پەخشانیشە، چ لەسەر ئاستی ئاسۆیی بێ، یا لەسەر ئاستی ستوونی بێت، هەر بەمەش زمان لە دەقی شیعریدا بەشێک لە سیمای شیعرییەت هەڵدەگرێ، کەواتە ڕستەی شیعری نەک هەموو تواناکانی سیستەمی زمان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەڵکو گۆڕانکاری لەو سیستەمەشدا دەکات)). ( تۆفیق، ٢٠٠٢، ل١٤٣)

لە گشت قۆناغەکانی شیعری کوردیدا، بە چەندین شێوازی جیاواز ئەمجۆرە لادانە پەیڕەوکراوە و شـــاعیران هـــەوڵیانداوە دەستوورەکـــانی زمانـــی کـــوردی لەپێناو دەستەبەرکردنی ئیستاتیکا و ڕێکخستنی کێش و سەروا و وێنەی هونەری تێکبشکێنن. دەتوانین بڵێین زمانی شیعری، لادانە لە دەستوور و یاساکانی ڕێزمان. (سەعید، ٢٠١٣, ل٢١٧) ناز ئەحمەد سەعید ئەو لادانانەی لە ئاستی ڕستەســـازیدا ئـــەنجامدەدرێن بـــەم شێوەیە پۆلینکردووە (کرتاندن، پاش و پێش خستن، بەلوتکەکردن، تێکدانی بنیاتی ڕستە). (سەعید، ٢٠١٣) شاعیر لە (کاریزەمەرجان)دا، لە زۆر شوێندا دەستوور و یاساکانی ڕێزمان تێکدەشکێنێت. گرنگترین ئەو لادانە ڕستەسازییانەی کە ئەنجامیداون، ئەمانەن:

**یەکەم: کرتاندن:**

کرتاندن کردەیەکی بەربڵاوە، کە شاعیر بۆ مەبەستی خۆپاراستن لە دووبارەکردنەوەی کەرەستەکان پەنای بۆ دەبات، ئەویش لە ڕێگەی کرتاندن (لابردن)ی بەشێک لە پێکهاتەی ڕستە. بەشی کرتێنراو لەوانەیە پێکهاتەیەکی سەرەکی ڕستە (بکەر، بەرکار، کار) بێت، یان پێکهاتەیەکی لاوەکی ناو ڕستەکە (هاوەڵناو، هاوەڵکار، ...هتد) بێت. ((بریتییە لە لابردنی

بەشێک لە پێکهاتەی ڕستە، بە مەبەستی دەستپێوەگرتن (الأقتصاد)، یان بۆ شێواز، یان جەختکردن، کە زۆرجار پێشی دەگوترێ کەمکردنەوە، یان کورتکردنەوە)). (خۆشناو، ٢٠١٠، ل٢٦٣)

کرتاندن جگە لەوەی دەرچوونە لە سیستەمی باو، هەروەها جۆرێکە لە جوولە بۆ مەبەستی چێژبەخشین و ئیستاتیکا بە دەقی شیعری ئەنجامدەدرێت. شاعیر وەک فێڵێک بەکاریدێنێت بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بەلای دەقەکە ڕابکێشێت. هەر بۆیە شاعیر پەنا دەباتە بەر کرتاندنی کەرەستەیەکی ڕستە، جا کەرەستەی سەرەکی بێت یان لاوەکی. د. قەیس کاکل ئاماژە بەوە دەکات، کە کرتاندن لە کەرەستەی لاوەکی ڕستەدا بوونی نییە. ( تۆفیق، ٢٠٠٢، ل١٥٧) بەڵام د. محەمەد بەکر، پێیوایە کە کرتاندن لە کەرەستەی لاوەکی وەک ئامرازەکان و کارە دووبارەکراوەکان دەکرێت، نەک لە کەرەستەی سەرەکی. (بەکر، ٢٠٠٤، ل٤٥).بە دیدی من هەردووکیان لەو بارەیەوە سەرچیخ چوونە، چونکە کرتاندن هەموو کەرەستەکانی ڕستە دەگرێتەوە، نەک تەنیا بەشێکی کەرەستەکان. بە بەڵگەی ئەوەی شاعیر بۆ بەهێزکردنی شیعرییەتی دەقە شیعرییەکەی پەنا بۆ هەموو کردارێکی ئیستاتیکی دەبات، بە جۆرێک پەیوەست نابێت بە هیچ دەستوور و ڕێسایەکی ڕێزمانی. لێرەدا هەموو ئەو کرتاندنانەی کە موحسین ئاوارە لە (کاریزەمەرجان)دا ئەنجامیداون دەخەینەڕوو.

### ١. کرتاندنی بکەر:

بکەر یەکێکە لە کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە، پێکهاتەیەکی گرنگە لە ڕستەدا. ((بریتییە لە یەکەم گرێی ناوی و لەژێر دەسەڵاتی ڕستەدایە و لە کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی لە سەرەتای ڕستە دێت و باسێکی لەبارەیەوە ڕادەگەیەنرێت)). (خۆشناو، ٢٠٠٨، ل٣٥) شاعیر بۆ مەبەستی

چڕکردنەوەی زمانی شیعری، ئەم کەرەستە سەرەکییە لە ڕستە شیعرییەکان دەکرتێنێت، ئەویش بەهۆی هەبوونی جێناوێکی ڕێککەوتن لە ڕستەدا. ((دەتوانن ڕستەکانیان بەبێ بکەر دەرببڕن، یان بکەرەکانیان دەرنەبڕن و ڕستەکانیان ڕاست بێت)) (مەحوی، ٢٠٠١، ل٢٣٨). شاعیر لە چەندین دەقی شیعری بۆ چڕکردنەوەی مەبەست و زمانی شیعری کرتاندنی بکەریی ئەنجامداوە، وەک لە شیعری (شاری ئێواران) دەڵێت:

پەلە هەورێکم بن کۆڵ کرد

ڕێژنە بارانێکم رووخاند

دیواری دڵێکم بڕی

کزەبای هەناسەم فڕاند (ئاوارە، ب١،٢٠١٤، ل٧٦)

شاعیر لە تەواوی نیوەدێڕەکاندا بکەری ڕستەی کرتاندووە، کە بریتییە لە (من). ڕستەکان لە بنەڕەتدا بەم شێوەیەن: (من پەلە هەورێکم بن کۆڵ کرد، من ڕێژنە بارانێکم رووخاند، من دیواری دڵێکم بڕی، من کزەبای هەناسەم فڕاند). ئەویش بۆ مەبەستی چڕکردنەوەی زمانە شیعرییەکەی بکەری ڕستەکانی کرتاندووە و بەهۆی جێناوی ڕێککەوتنی (م) دەزانین کە بکەرەکە (من)ە. هەروەها لە شیعری (ئەسپی ئاوی)دا دەڵێت:

لە دوا دواین جاردا

لە دوا دواین کەناردا

وەستام،گیرسامەوە

تەمەن وای بڕیاردا

لێرانەدا بهەسێمەوە (ئاوارە، ب١،٢٠١٤، ل١٢٩)

وەک دەبینین شاعیر تەنها لە یەک ڕستەدا (تەمەن وای بڕیاردا)، بکەری ڕستەی هێناوە. بەڵام لە ڕستەکانی تردا، بکـەری ڕستەی کـرتاندووە. ڕستەکان لــە بنەڕەتدا بــەم شێوەیەن: (من وەستـام، من گـیرسامەوە، من لێرانەدا بهەسێمەوە)، بەڵام شاعیر زمانە شیعرییەکەی چڕکردووەتەوە و بکەری ڕستەکانی کرتاندووە، کە بریتییە لە (من). هەروەها لە شیعری (وڕێنەی وێنەیەکی بێ رتووش) (ل١٣٠)دا، هەمان کرتاندنی ئەنجامداوە.

## ٢-کرتاندنی کار:

کار بە بەشێکی سەرەکیی ڕستە لەپاڵ بکەردا دادەنرێت، ((ئەو کەرەسەیەیە لە ڕستەدا کە دەکەوێتە کۆتایی ڕستە و باسێک لەبارەی بکەرەوە ڕادەگەینێت.)) (فەرهادی، ٢٠١٣، ل٣١). ئەگەرچی کار لەپاڵ بکەردا، کەرەستەیەکی سەرەکیی ڕستەیە، بەڵام زۆرجار شاعیر لە دەقێکی شیعریدا کارەکە دەکرتێنێت. بە تایبەت لەو ڕستانەی لێکدراون و ڕستەکان هەمان کاریان هەبێت. واتە ئەگەر لە چوارچێوەی ڕستەیەکی لێکدراودا، چەند ڕستەیەکی سادە بۆ هەمان مەبەست بەدوایەکدا هاتبن، ئەوا دەتوانرێت کاری ڕستەکە بکرتێنرێت.

کرتاندنی (کار)یش لەلایەن شاعیرەوە، بۆ گەلێک مەبەستە، وەک کورتبڕی و دوورکەوتنەوە لە دووبارەکردنەوە، هەروەها بۆ جەختکردنەوە و بەهێزکردنی واتاکەی. شاعیر ئەم جۆرە لادانەی پەراوێزنەخستووە و لە زۆر دەقی شیعریدا، کاری ڕستەکەی کرتاندووە. بۆ نموونە لە شیعری (هێڵە تێکەڵ بووەکان لە فنجانێکی گەورەدا) دەڵێت:

ئەم شەو چەند ماڵێک دەڕوخێ
یەکەم: شووشە عەتر و شووشە شەڕابی تیا دەشکێ
دووەم: گۆزەی تەرەساز و دەخیلەی منداڵان

سێیەم: دڵی من! (ئاوارە، ب١، ٢٠١٤، ل٣٠٢)

شاعیر لە چوار ڕستەی بەدوایەکداهاتوودا، لە ڕستەی یەکەم و دووەم کاری ڕستەکەی هێناوە، بەڵام لە ڕستەی سێیەم و چوارەمدا کاری ڕستەکەی کرتاندووە، کە بریتییە لە (دەشکێ). ڕستەکان بەم شێوەیەن: (دووەم: گۆزەی تەرەساز و دەخیلەی منداڵان دەشکێ، سێیەم: دڵی من دەشکێ). هەروەها لە شیعری (جۆخینەی هەور و هەتاوی سپی) (ل٥٦) و لە شیعری (تفەنگ و کەمان) (ل٣٠٥)دا، کاری ڕستەکانی کرتاندووە.

**٣-کرتاندنی بەرکار:**

بەرکار یەکێکە لە کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە، دەکەوێتە نێوان بکەر و کار. بەڵام هەندێجار بەهۆی هاتنی کەرەستەی دیکە، شوێنی دەگۆڕێت. ((بەرکار ئەو کەرەسەیە لەناو ڕستەدا کە لەژێر کاریگەری کردەی کارادایە)) (فەرهادی، ٢٠١٣، ل٢٣). بەرکاریش وەک کەرەستەیەکی ڕستە، لە زمانی کوردیدا دەکرێتە دوو جۆر: کە بریتین لە (بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

أ- بەرکاری ڕاستەوخۆ:

کەرەستەیەکی سەرەکییە لە ڕستەدا، ئەگەر کاری ڕستەکە کارێکی تێپەڕ بێت. ((بەرکاری ڕاستەوخۆ ئەو گرێ ناویەیە کە لەژێر کاری ڕستەدایە و فراوانی دەکات و وەڵامی پرسیارێک دەداتەوە کە بە (کێ، یان چی) بکرێ. بە واتایەکی تر بەرکاری ڕاستەوخۆ خۆی لە دووەم گرێی ناویی ڕستەدا دەنوێنێ لەژێر گرێی کاری ڕستەدایە و کەرسەیەکی ئەو ڕستانەیە کە کارەکانیان تێپەڕە)). (فەرهادی، ٢٠١٣، ل٢٣)

واتە لە ڕستەی کاری تێپەڕدا، لە هیچ بارێک بەبێ بەرکاری ڕاستەوخۆ واتای ڕستەکە ڕێکوپێک نابێت و تەواو نابێت. هەربۆیە کاتێک شاعیر ئەمجۆرە لادانە دەکات، بەرکاری کرتاو لە شێوەی جێناوێکی لکاو دەهێڵێتەوە. ئەوەتا لە شیعری (گوڵێک بۆ خۆشەویستی و باخچەیەک بۆ ژیان) دەڵێت:

تۆ لەوێ لەسەر ڕووبار و
من لێرە خۆم ڕووت دەکەمەوە
لە هەوادا باسکە مەلە دەکەم
لەوێدا پێکەکانمان لێک دەدەین
لێرەدا دەینۆشم
لێرەدا سەرخۆشم (ئاوارە، ب١، ٢٠١٤، ل٣٩٢)

شاعیر لە دێری چوارەمدا (لە ڕستەی پێنجەم)دا، بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەکەی کرتاندووە و بە جێناوێکی لکاو دەریخستووە، کە بریتییە لە (مەی) یان هەر خواردنەوەیەکی تر، کاتێک دەڵێت (لێرەدا دەینۆشم). هەروەها لە شیعری (دەستێکی ڕووناک لەسەر مێزێکی تاریکدا)(ل٨٩)دا بەرکاری ڕاستەوخۆی لە ڕستە شیعرییەکانی (هەنگەکان لە ناخەوە هەڵیاندەمژن، با دەیانگەوزێنێ، هەتاو دەیانخاتەوە نێو ئاوێنەی خۆی، باران دەیانخوسینێ) کرتاندووە و بە جێناوێکی لکاو دەری بڕیوە. هەروەها لە شیعری (تاجی خەون و بازی وەهم) (ل٧١)دا، شاعیر هەمان لادانی ئەنجامداوە.

ب- بەرکاری ناڕاستەوخۆ:

بەرکاری ناڕاستەوخۆ، بەشێکی ناسەرکیی ڕستەیە و لە هەر بارێک بێت دەتوانرێت بکرتێنرێت، بێ ئەوەی واتای ڕستەکە تێکبچێت. ((ئەو

کەرەسەیە لەناو ڕستەدا کە بە شێوەی گرێیەکی بەند دەردەکەوێت و ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری کارەکە و فراوانی دەکات)). (فەرهادی، ٢٠١٣، ل٢٤) پێکهاتەی بەرکاری ناڕاستەوخۆش لە ڕستەدا، ناوێکە یان جێناوێکە، یاخود چاوگێکە و بە یارمەتی ئامرازێکی پەیوەندی دروستدەبێت. شاعیر بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی شیعرییەتی دەقەکە، لە چەندین دەقی شیعریدا ئەم لادانەی ئەنجامداوە، هەروەک لە شیعری (ڕێگە و..؟) دەڵێت:

ئەسپ سوار بەرەو(؟)
نان، ئەسپەکەی ژێریشی پێ فرۆشت
ئێستا خاوەنی دووقاچ و
بەپای پەتی بەرەو (؟)
ناشتوانێ بە (پێ) بگەڕێتەوە
ڕێگەی گەڕانەوەی دوور کەوتۆتەوە
هەر دەبێ بڕوا بەرەو (؟)
کەی دەگاتە (؟) (ئاوارە، ب١،٢٠١٤، ل٢٢٤)

شاعیر لە هەموو ڕستەکاندا بەرکاری ناڕاستەوخۆی کرتاندووە، وەک دەبینین لە دوای ئامرازە پەیوەندییەکان بەرکاری ناڕاستەوخۆ دێت. بەڵام شاعیر لە هەموو ڕستە شیعرییەکاندا بەرکاری ناڕاستەوخۆی کرتاندووە، لە نیوەدێری یەکەمدا کرتاندنی کردووە، پێویستە ڕستەکە بەم شێوەیە بێت: (ئەسپ سوار بەرەو ماڵ ) یان هەر ناوێکی تر، واتە پێویستە ناوێک هەبیت، بەڵام شاعیر کرتاندوویەتی. هەروەها لە نیوەدیری چوارەمدا، دیسان کرتاندنی بەرکاری ناڕاستەوخۆی ئەنجامداوە، پێویستە ڕستەکە بەم شێوەیە بێت: (بە پای پەتی بەرەو ماڵ) یان هەر ناوێکی تر بێت. شاعیر بەمە نەوەستاوە لە نیوەدێری حەوتەم کرتاندنی بەرکاری

ناڕاستەوخۆی ئەنجامداوە، ڕستەکان لە بنەڕەتدا بەم شێوەیەن: (هەر دەبێ بڕوا بەرەو ماڵ.. یان هەر ناوێکی تر)

**٤. کرتاندنی ئامراز:**

ئامرازەکان لەناو ڕستەدا، کەرەستەی لاوەکین و دەتوانرێت زۆر بە ئاسانی بکرتێنرێن، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر ڕستەکە دروستبکەن. ئامرازەکانیش لە زمانی کوردیدا زۆرن، وەک: (ئامرازی ناسین، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی لێکدان، ئامرازی پرس، ئامرازی بانگکردن، ...هتد). شاعیر زۆرجار بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، ئەم ئامرازانە دەکرتێنێت. هەندێکجاریش لە ڕێگەی نیشانەکانی خاڵبەندی، شوێنی ئەم ئامرازانە پڕدەکاتەوە. شاعیر لە شیعری (ڕێژنەی وشە)دا و لە کۆپلەی دووەم (رەنگ)دا دەڵێت:

هەبوو.. هـ. نەبوو؟

سوور

رەش

سپی

جیهانێ سەیرە، هەر دەڵێی تازە لە خەو هەڵساوە (ئاوارە، ب١، ٢٠١٤، ل١٧١)

شاعیر بۆ مەبەستی چڕکردنەوەی زمانی شیعری و کورتبڕی، ئامرازی لێکدەری لە نێوان (سوور، رەش، سپی)دا کرتاندووە، کە لە بنەڕەتدا بەم شێوەیەیە (هەبوو.. نەبوو سوور و رەش و سپی). هەروەها شاعیر لە هەندێ دەقی تریشدا ئەم لادانەی کردووە، بۆ نموونە لە شیعری (ئەو بـــووکەی سەنگەرێک بـــوو بە ماڵـــی) (ل٨٠) لە وشـــەی (کـچێک

کـەرکـووکـــی) ئـامـرازی خستنەسەر (دانەپاڵ)ی کرتاندووە و لە شیعری (وەیلیَ زاڵم) (ل٧٣-٧٤)دا ئامرازی کرتاندووە.

**٥. کرتاندنی نیهاد:**

نیهاد کەرەستەیەکی سەرەکیی ئەو ڕستانەیە، کە کارەکانیان کاری ناتەواون. ((وشەیەکە لە ڕستەدا کارێک ئەنجام نادات، بەڵکو تەنها شتێکی دەخرێتە پاڵ. مەرجی سەرەکی لە پەیدابوونی نیهاد لە ڕستەدا پەیوەستە بە کارە ناتەواوەکانەوە.)) (خۆشناو، ٢٠١٤، ل١٢٤). ئەمجۆرە لادانەش لە (دەقە شیعرەکان)ی موحسین ئاوارە، دەبینرێت، هەروەک لە شیعری (رەوتی شاعیر و وێنەی جۆراوجۆر) دەڵێت:

چاوی ڕکەی لە گیرفانی بەتاڵی من گەورەترە
چاوی رکەی پشکۆی گڕە
لە مرۆڤێکی بی تاوان گەشترە (ئاوارە، ب١، ٢٠١٤، ل٢٦)

وەک دەبینین شاعیر بۆ مەبەستی کورتبڕی لە ڕستەی سێییەمی شیعرەکەدا، نیهادی ڕستەکە کە (چاوی رکە)یە کرتاندووە، ئەوەش لەو زمانانەدا ڕوودەدات کە ڕێککەوتن لە نێوان نیهاد و کاری ڕستەکەدا هەیە و کردەیەکی ناچارییە. ڕستەکە لە بنچینەدا بەم شێوەیەیە: (چاوی رکەی لە مرۆڤێکی بیَ تاوان گەشترە).

**دووەم: تێکدانی ڕۆنانی ڕستە:**

یەکێک لەو ئەدگارانەی کە لە بنیادی ڕستەی شیعری (موحسین ئاوارە)دا دەبینرێت، تێکدانی ڕۆنانی ڕستەیە، ئەو ڕۆنانە باوەی کە لە ئاخاوتنی ئاسایی زمانی کوردیدا بەکاردێت. ((مەبەست لەم جۆرەی لادانیش ئەوەیە کە شاعیر ڕیزبوونی سەرجەم کەرەستەکانی نیوە دێڕەکە،

یان هەموو دێڕەکە دەگۆڕیت، کەواتە دەتوانین بلێین هەوەکو پاش و پێش خستن و گۆڕینی شوێنی نەریکردن و شوێنی بکەر... وایە، بەڵام ئەمە فراوانترە، چونکە هەموو نیوەدێڕەکە یان هەموو شیعرەکە دەگرێتەوە)). (سەعید، ٢٠١٣، ل٢٤٩) ئەم جۆرە لادانە بۆ ئەوەیە، کە شاعیر خوێنەر ڕووبەڕووی ڕۆنانی نامۆ بکاتەوە و بە وردی لە بنیاتی کەرەستەکان وردبێتەوە. موحسین ئاوارە لە چەندین دەقی شیعری ئەمجۆرە لادانەی ئەنجامداوە، وەک لە شیعری (گەر بمەوێ تۆ بدۆزمەوە) دەڵێت:

دەبێ بچمە نێو چوار لەتی مەملەکەتی دڵم
خۆم بدۆزمەوە لە تۆی ونبوودا
تۆ بدۆزمەوە لە (خۆم)ێک
لە دەرەوەی سنووردا!! (ئاوارە، ب٢، ٢٠١٤، ل١٠١)

شاعیر لە نیوەدێری دووەمدا ڕۆنانی گشتی ڕستەکەی تێکداوە، چونکە بە زۆری ڕۆنانی ڕستە شیعرییەکان ناباون. ڕستەی دووەم لە بنچینەدا بەم شێوەیەیە: (خۆم لە تۆی ونبوودا بدۆزمەوە). هەروەها لە شیعری (ڕەنگ و گری) (ل١٩٦) و لە شیعری (جوانی و کۆچی غوربەت) (ل١٠٨)دا، ڕۆنانی گشتی ڕستەکانی تێکداوە.

**سێیەم: پاش و پێش کردن:**

یەکێک لەو لادانە ڕێزمانییانەی لە شیعردا شاعیران پەنای بۆ دەبەن، پاش و پێش کردنی کەرەستەکانی ڕستەیە. واتە جێگۆڕکێکردن و گۆڕینی شوێنی سەرەکیی کەرەستەکانی ناو ڕستەیە، وەک (بکەر، بەرکار، کار، ئامرازەکان، ...هتد). ((واتە ئاڵوگۆڕکردنی یاسای ڕێکخستن و ڕیزبوونی کەرەستەکانی ناو ڕستە، لەوانە وەک: کار پێش بکەر دێت، یان کە ناو و ئاوەڵناو پێکەوە دێن، هاتنی ئاوەڵناوەکە پێش ناوەکە، یان لە کرمانجی

ناوەڕاستدا گۆڕینی شوێنی جێناوەکان، یان پێش خستنی نیشانەی نەرێکردن و دواخستنی ناوە نەرێکراوەکە)). (سەعید، ٢٠١٣، ل٢٣٢)

پاش و پێش کردن وەک ڕەگەزێکی گرنگی لادان لە شیعردا، کردەیەکی لەخۆوە نییە، بەڵکو بۆ مەبەستی ڕێکخستنی کێش و سەروایە، یان بۆ مەبەستی چڕکردنەوەی کەرەستەیەکی ناو دەقە شیعرییەکانە. چونکە ئیحایان پێ دەبەخشێت و دەلالەتی تازە لەبەردەم ڕستە شیعریەکان دەکاتەوە. (ئەحمەد، ٢٠١٣، ل١٣٠). عبدالقهار الجرجانی، یەکێکە لەوانەی کە ئەمجۆرە لادانە بە لادانێکی گرنگ دادەنێت و پێیوایە کە ئەم لادانە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە شیعرەکە شیاو و چێژبەخش بێت. (الجرجانی، ١٩٨٨، ص٨٣). هەندێک لەو پاش و پێش کردنانەی، کە شاعیر لە (کارێزەمەرجان)دا ئەنجامیداون ئەمانەن:

## ١. پاش و پێش کردنی بکەر و بەرکار:

بەپێی دەستوور و یاسای سینتاکسی زمانی کوردی، بکەر لە سەرەتای ڕستەدا دێت و دەکەوێتە پێش بەرکار. بەڵام شاعیر بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئامانجەکەی لە زمانی شیعریدا، شوێنی ئەم دوو کەرەستەیە دەگۆڕیت. موحسین ئاوارە لە شیعری (تەناف و ئەڤینێکی گەورەتر) ئەم جۆرە لادانی ئەنجامداوە و دەڵێت:

لە دەرەوەی دڵیشم دا
لق و پۆپ و گەڵاکانت
وەکو قژی سەرشانت
شۆڕبوونەتەوە (ئاوارە، ب١، ٢٠١٤، ل٦٧)

شاعیر لەو دەقە شیعرییەدا بە پێچەوانەی ڕێساکانی سینتاکسی کوردی، بەرکاری ناڕاستەوخۆی پێش خستووە و بکەریشی پاش

خستووە. شاعیر (لە دەرەوەی دڵیشمدا) کە بەرکاری ناڕاستەوخۆیە و پێشی خستووە، (لق و پۆپ و گەڵاکانت) بکەری ڕستەیە و پاشی خستووە. ڕستەکە لە بنچینەدا بەم شێوەیەیە: (لق و پۆپ و گەڵاکانت وەکو قژی سەشانت لە دەرەوەی دلمدا شۆڕبوونەتەوە). شاعیر لە زۆر دەقی دیکەی شیعریدا ئەم لادانەی کردووە، بۆ نموونە لە شیعری (خاڵۆی پینەدۆز) (ل٦٨)دا بەرکاری ڕستەی پێش خستووە.

**٢. پاش و پێش کردنی کار و بەرکار:**

لە زمانی کوردیدا، ئەگەر ڕستە لەباری ئاساییدا بێت کار دەکەوێتە کۆتایی ڕستە و بەرکاریش لەپێش کار دێت. بەڵام شاعیر ئەم یاسایە تێکدەشکێنێت و لادان لە ئاستی پێکهاتەی ڕستە دەکات و ئاڵوگۆڕی لە شوێنی ئەم دوو کەرەستەیە دەکات. وەک لە شیعری (هێڵە تێکەڵ بووەکان لە فنجانێکی گەورەدا) ئەم لادانەی ئەنجامداوە و دەڵێت:

ئەو کاتەی خۆر سەردانی دەکا
باق و بریقی شووشە و پەرداخی شکاو
دەلەرێتەوە لەسەر خوانی سۆمای چاو (ئاوارە، ب١، ٢٠١٤، ل٣٠٢)

شاعیر لە ڕستەی دووەمدا بەرکاری ناڕاستەوخۆی پاش خستووە و کارەکەی پێش خستووە، ڕستەکە لە بنەڕەتدا بەم شێوەیەیە: (باق و بریقی شووشە و پەرداخی شکاو لەسەر خوانی سۆمای چاو دەلەرێتەوە)، بەڵام شاعیر بۆ ڕێکخستنی سەروای شیعرەکەی بەرکاری ناڕاستەوخۆی پاش خستووە و کارەکەی پێش خستووە، بۆ ئەوەی گرێی (لەسەر خوانی سۆمای چاو) لەگەڵ گرێی (پەرداخی شکاو) ببن بە وشەی سەروا.

هەروەها لە شیعری (تفەنگ و کەمان) (ل٣٠٥)دا، شاعیر هەمان لادانی ئەنجام داوە.

**٣. پاش و پێش کردنی نیهاد و گوزارە:**

نیهاد وەک کەرەستەیەکی سەرەکی ئەو ڕستانەی کارەکانیان ناتەواون, هەمیشە لە سەرەتای ڕستە دێت. بەڵام شاعیر بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی خۆی لە زمانی شیعریدا، شوینی ئەم دوو کەرەستەیە دەگۆڕیت. هەروەک دەبینین شاعیر لە شیعری (سێ هۆنراوەی کورت) دەڵێت:

لەو ڕۆژەوەی داربڕ
وادەی لەگەڵ یارەکەی دا
پەناگەی درەختێک بوو، جێی ژووان (ئاوارە، ب١، ٢٠١٤، ل٢٤٨)

شاعیر لە ڕستەی دووەمدا، بۆ مەبەستی جەختکردنەوە نیهادی ڕستەکەی پاش خستووە و گوزارەی پێش خستووە. ڕستەکە لە بنچینەدا بەم شێوەیەیە: (جێی ژوان پەناگەی درەختێک بوو). شاعیر لە زۆر شوێنی دیکەدا هەمان لادانی کردووە، وەک لە شیعری (بەرەو وڵاتی نازانم) (٢٦٣)دا، شوێنی کەرەستەکانی ڕستەی گۆڕیوە.

**٤. پاش و پێش کردنی بکەر و کار:**

بکەر وەک کەرەستەیەکی سەرەکیی ڕستە، بەپێی یاسایی سینتاکسی کوردی، دەکەوێتە سەرەتای ڕستە و کاریش دەکەوێتە کۆتاییی ڕستە. بەڵام شاعیر ئەم دەستووره پێچەوانە دەکاتەوە و جێگۆڕکێ بە شوێنی ئەم دوو کەرەستەیە دەکات. شاعیر ئەم جێگۆڕکێیەی لە نێوان بکەر و کاردا کردووە، کاتێک لە شیعری (تەور و عیشق)دا دەڵێت:

دواتر کەوتە دەست گوشین و ڕازگۆڕینەوە و ڕاموسان
لەو ڕۆژەوە،
گەڵا گەڵا دەڕژا ڕق و گومان (ئاوارە، ب١، ٢٠١٤، ل٢٤٨)

شاعیر بۆ مەبەستی ڕێکخستنی سەروای شیعرەکە، بکەری ڕستەکەی پاش خستووە و کارەکەی پێش خستووە بە پێچەوانەی یاساکانی سینتاکسی ڕستەی زمانی کوردی. ڕستەکە لە بنەڕەتدا بەم شێوەیەیە: (لەو ڕۆژەوە، ڕق و گومان گەڵا گەڵا دەڕژا)، بەڵام شاعیر پاش و پێش کردنی ئەنجامداوە و لە ڕۆنانی باوی سینتاکسی کوردی لایداوە. هەروەها لە شیعری (هەڵڕژان) (ل٢٨-٢٩)دا و لە شیعری (هەلەبجەی شەهید و مار بارین) (ل١١٩) هەمان لادانی ئەنجامداوە.

**ئەنجام:**

شاعیر لە شیعرییەتی لادانی زمانیدا، هەردوو لایەنی (لادان لە بنەمای وشەسازی و لادان لە بنەمای ڕستەسازی)دا ئەنجامداوە.

لە شیعرییەتی لادان لە بنەمای وشەسازیدا، شاعیر (داهێنانی وشە) و (تێکشکاندنی ڕۆنانی وشە) و (زیندووکردنەوەی وشە) و (بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانە)ی، وەک بابەتێکی گرنگی شیعرییەتی لادان وەرگرتوون (تێکشکاندنی ڕۆنانی وشە)ی بەڕێژەیەکی زیاتر ئەنجامداوە.

لە شیعرییەتی لادان لە بنەمای ڕستەسازیدا، موحسین ئاوارە (چەند جۆرێک کرتاندن) و (تێکدانی ڕۆنانی ڕستە) و (پاش و پێش کردن)ی کەرەستەکانی ئەنجامداوە و (کرتاندنی کەرەستەکان) بە ڕێژەیەکی زیاتر ئەنجامداوە.

شاعیر کردەی کرتاندنی لە کەرەستە سەرەکی و ناسەرەکییەکانی ڕستە ئەنجامداوە و خۆی نەبەستووەتەوە بە کەرەستەیەکی دیاریکراو.

**سەرچاوەکان :**

**بەزمانی کوردی:**

**یەکەم: کتێب:**


- ئاوارە، موحسین ئاوارە. (٢٠١٤) کارێزەمەرجان. بەرگی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- ئاوارە،موحسین ئاوارە. (٢٠١٤) کارێزەمەرجان. بەرگی دووەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- ئەحمەد، پەخشان عەلی ئەحمەد. (٢٠٠٩) شێوازی شیعری گۆران. سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

- ئەحمەد، سافیە محەمەد ئەحمەد. (٢٠١٣) لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردی. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

- ئەرستۆ. (٢٠٠٤) هونەری شیعر. و: عەزیز گەردی. سلێمانی: چاپخانەی گەنج.

- ئەمین، وریا عومەر ئەمین. (٢٠٠٩) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی (بەرگی یەکەم). چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

- بەکر, محەمەد بەکر. (٢٠٠٤) پەخشانە شیعری کوردی(تەکنۆسیمانتیکی گوتاری شیعر). چ١, هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

- بەکر، محەمەد بەکر. (٢٠٠٤) کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی. هەولێر: دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس.

- بەرزنجی، عەلی تاهیر. (٢٠٢٠) ئاسۆی دەق. چ١، سلێمانی: چاپخانەی ئێڤا.

- خۆشناو, هێمن عومەر خۆشناو. (٢٠١٠) شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی. چ١, هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

- خۆشناو، خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو. (٢٠٠٨) بەرکار لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕێبازی فۆڕمی. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

- سابیر، پەرێز سابیر. (٢٠٠٦) ڕەخنەی ئەدەبی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

- سەعید، ناز ئەحمەد سەعید. (٢٠١٣) لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا. سلێمانی: چاپخانەی بینایی.

- فەتاح، محەمەد مەعروف فەتاح. (٢٠١٠) لێکۆڵینەوەزمانەوانییەکان.(کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا). هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی. (٢٠١٣) هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

- کانەبی، دلێر سادق کانەبی. (٢٠٠٩) هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد. هەولێر: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

- گەردی, عەزیز گەردی. (١٩٧٤) ئەدەب و رەخنە. چ١, بەغدا: چاپخانەی الحوادث.

- مەحموود، ئازاد ئەحمەد مەحموود. (٢٠٠٩) بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (١٩٨٥-٢٠٠٥) لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری پراکتیکی شێوازگەرییە. هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.

- مەحوی، محەمەد مەحوی. (٢٠٠١) ڕستەسازی کوردی. سلێمانی، زانکۆی سلێمانی.

- مەلاساڵح، حەکیم مەلاساڵح. (٢٠٠٦) ئەنوەر مەسیفی لە سێ ئەزموونی شیعرییدا. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

- مەولود، ریزان ساڵح مەولود. (٢٠٠٩) ئەندێشەی شیعریی لە نێوان ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خواروودا. چ١، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

- هۆراس. (١٩٧٩) هونەری شیعر. و: حمید عزیز. بەغدا: چاپخانەی زەمان.

**دووەم: نامەی ئەکادیمی:**

**نامەی ماستەر:**

- ئیبراهیم، محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم. (٢٠٠٩) زمانی شیعری و رەخنەی ئەدەبیی نوێ (ئەزموونی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر بە نموونە). نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

- حەمەساڵەح, دلاوەر ئیبراهیم حەمەساڵەح.(٢٠١٥) شیعرییەت لە دەقەکانی (ئەنوەر قادر محەمەد) دا. نامەی ماستەر, زانکۆی سلێمانی.

- قادر، شێرزاد عەبدوڵڵا قادر. (٢٠١٤) لادان لە شیعری (ڕەفیق سابیر)دا. نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

- مستەفا. خەلیل ئیبراهیم مستەفا. (٢٠٠٩) شیعرییەتی دەق بە نموونە شیعرەکوردییەکانی مەحوی. نامەی ماستەر, زانکۆی سەلاحەدین.

**تێزی دکتۆرا:**

- تۆفیق، قەیس کاکل تۆفیق. (٢٠٠٢) پەیوەندییەکانی نێودەق. تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.

- علی، طالب حسین علی. (١٩٩٨) هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.

- قادر، خانزاد عەلی قادر. (٢٠٠٤) زمانی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزا. تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.

**بە زمانی عەرەبی:**

**یەکەم: کتێب:**

- ادونيس. (١٩٨٩) الشعرية العربية. بيروت: دار الادب.

- الجرجاني، عبدالقهار الجرجاني. (١٩٨٨) دلائل الاعجاز (فى العلم المعاني). بيروت: دار الكتب العلمية.

- طودورف, تزفيطان طودورف. (١٩٩٠) الشعرية. ط٢، تر: شكرى المبخوت و رجاء بن سلامة. دارالبيضاء: دار توبقال للنشر.

- عبدالعزيز، احمد عبدالعزيز. (٢٠٠٢) نحو نظرية جديدة للادب المقارن (البحث عن النظرية). القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.

- كورک، جاكوب كورک. (١٩٨٩) اللغة فى الادب الحديث. ت: ليون يوسف و عزيز عمانوئيل. بغداد: دارالمأمون للترجمة والنشر.

- كوين، چون كوين. (٢٠٠٠) النظرية الشعرية (بناء لغة الشعر اللغة العليا). تر: احمد درويش، القاهرة: دارغريب للطباعة والنشر والتوزيع.

- كۆهن، جان كۆهن. (١٩٨٦) البنية اللغة الشعرية. ت: محمد الوالى و محمد العمرى. دارالبيضاء: دارتوبقال للنشر.

- مطلوب، احمد مطلوب. (١٩٨٩) معجم النقد العربى القديم (الجزءالاول). بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.

- ناظم, حسن ناظم. (١٩٩٤)مفاهيم الشعرية(دراسة مقارنة فى الاصول و المنهج والمفاهيم. ط١, بيروت: مركز الثقافى العربى.

- نوردين, حسن محمد نوردين.(٢٠٠٥) الشعرية والقانون الشعر. ط٢, لبنان: دار المواسم.

- اليافى، نعيم اليافى. (١٩٩٥) اطياف الوجه الواحد(دراسات نقدية فى النظرية التطبيق). حلب: منشورات اتحاد كتاب العرب.

- ياكبسون, رومان ياكبسون. (١٩٨٨) قضايا الشعرية. ت: محمد الولى و مبارک حنون. دارالبيضاء: دار توبقال للنشر.

**دووەم: نامەی ئەکادیمی:**

**نامەی ماستەر:**

- بن زياد، عبدالقادر بن زياد. (٢٠١٢) جمالية الانزياح فی القران الكريم. رسالة ماجستير، جامعة ابی بکربلقاید فی جزائر.
- هدی، اوبيرة هدی. (٢٠١٢) مصطلح الشعرية عند محمد بنيس. رسالة ماجستير، جامعة قاصدی مرباح ورقلة فی الجزائر.

**تێزی دکتۆرا:**

- الرواشدة، حامد صالح درويش. (٢٠٠٦) الشعرية فی النقد العربی الحديث (دراسة فی النظرية والتطبيق). رسالة دكتوراة، جامعة مؤتة.

**الملخص:**

اخذت مفهوم الشعرية فى الادب الحديث مكانة مهمة، اذ حظيت باهتمام كبير فى ادب الشعوب. وكتب بحوث ودراسات عديدة فى الادب الكوردى بهذا الصدر.وهذا البحث المعنون بـ (شعرية الانزياح اللغوى فى كاريزه مەرجان محسن ئاواره) محاولة اخرى بقصد الاضافة لما كتب على الشعرية بصورة عامة وتقريب مفهومها لدى القارىء الكوردى.

اشتملت الخطة المتبعة فى هذا البحث على تمهيد وفصلين وخاتمة. حاولنا فى التمهيد تعريف الشعرية كمصطلح ومفهوم ودوننا خلاصة لما كتب عليها من قبل كبار الادباء وتتبع جذورها التاريخى فى الادب. خصصت الفصل الاول لـ (شعرية الانزياح فى بنية الكلمة) وتتبع جذورها وتحديدها واشكالها فى الشق النظرى، والتطبيق على امثلة فى نصوص الشعرية. وعقدت الفصل الثانى لشرح (شعرية الانزياح فى بنية الجملة) فى الجانب النظرى، والوقوف على امثلة فى النصوص الشعرية فى الجانب التطبيقى.

واختتم البحث بخاتمة تتضمن اهم النتائج التى توصل اليها الدراسة.

**Abstract**

In modern literary criticism, the concept of poetic has occupied an enormous scope, it has been paid a great attention and concentrated in the literature of the people, and some concerned research papers and studies have been written in relation to it in the Kurdish literature. This research (Poetic Language Deviation in Muhsin Awara's Kareza Marjan) is an attempt to pay much more consideration to the poetic concept and to familiarize to the readers and critics.

This research consists of an entrance and two sections; in the entrance, we have tried to identify the poetic as a term and concept. For this purpose, we have stated a brief description of the beliefs of the experts and a brief history of its emergence.

In the first section, (Poetic Deviation in Morphological Principle) has been focused on and accomplished with example of poems. In the second section, it states (The Poetic Deviation in Syntactic Principle) in the field of theory and accomplishes with example of poems.